## لە مەراسیمێکی شایستەی پڕ جۆش و خرۆشدا، کوردەکانی هۆڵەندە ڕێزییان لە مەرزییەی فەریقی گرت

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 24-9 کاتژمێر 7 ی ئێوارە، لە شاری دێلفتی هۆڵەندە، ناوەندی هەڵەبجە –چاك و کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە هۆڵەندە بە هاوبەشی مەراسیمێکی پڕ شکۆیان بۆ کۆچی ناوەختی خاتوو مەرزییە فەریقی ڕێك خست. بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی هۆڵەند، کە بەهۆی نەبوونی جێگەوە بەشێکییان نەیانتوانی بەشداری مەراسیمەکە بکەن.

لە سەرەتادا پاش بەخێر هاتنی ئامادەبووان لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبردنی مەراسیمەکە و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە دوایدا کاك سیروان مەحمود بەرپرسی کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە هۆڵەندە وتویەکی پێشکەش کرد، بە دوایدا خاتوو شادانی هونەرمەند بەو پەخشان و شیعرانە درێژەی پێدا، کە لەم چەند ڕۆژەدا، شاعیران و نووسەران بۆ کۆچی ناوەختی مەرزییە نوسیبوویان، بەشێوەیەك دەیانی خوێندەوە زۆربەی ئامادەبووانی مەراسیمەکەی هێنایە گریان.

لە مەراسیمەکەدا هەریەکە لەم حیزب و ڕێکخراوانەی خوارەوە پەیام و وتەیان خوێندەوەو بروسکەیان پێشکەش کرد:

- وتاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران – کاك مستەفا بەهمەنی
- وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان –لیژنەی هۆڵەندە کاك ڕەحمان
- وتاری مەڵبەندی دەرەوەی ی ن ك لە لایەن هەڤاڵ شاخەوان حاجی سەعیدەوە
- وتاری ڕیکخراوی هۆڵەندەی حیزبی شیوعی کوردستان لە لایەن هاوڕێ حەمەشوانەوە
- وتاری ناوچەی هۆڵەندەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن هەڤاڵ یوبحیییەوە
- وتاری کۆمیتەی بەنەلۆکسی ی ن ك لە لایەن هەڤاڵ جەبار قەلادزێییەوە
- بروسکەی کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان
- بروسکەی یانەی کوردی میدیا
- بروسکەی حیزبی زەحەتکێشانی کوردستان
- وتاری پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵە لە هۆڵەندە هاوڕێ هەورامان
- وتاری تەشکیلاتی کۆمەڵە لە هۆڵەند لە لایەن هاوڕێ ئەحمەد مورتەزاییەوە

لە کۆتاییدا بە وتەیەك لە لایەن بەڕێزان سیروان مەحمود و شادان خانەوە کۆتایی بە مەراسیمەکە هێنرا و سوپاسی بەشداریکردنی ئامادەبووانکرا.












